# موقتەدای سەدر دەیەوێت ڕووداوەکان بەرەو کوێ ببات ؟

کەمال ڕەئوف

لەم ڕۆژانەدا کە دەبوو خەڵك بەگشتی یادی ئەوساڵرۆژەیان بکردایەتەوە کە لەچنگی ترسناکترین ڕژێمی دیکتاتۆری قووتاریان بووە , کەچی بەپێچەوانەوە خەڵك لەنێو ڕووداوگەلێکدا دەژین کەپرە لە سیناریۆی خوێناوی لەهاوشێوەی سیناریۆی ڕەش وتاڵەکانی سالأنی پێشوو . خەڵکی عێراق کەدەبووئێستا لەسەروبەندی هێنانە ئاراوەی هەلومەرجێکی نوێ ژیاندا بوونایە , کەچی پاش ساڵێك لە دوای لەناوچوونی دەسەلأتی بەعس هێشتا لەسەر دووڕێیانێکی ترسناك ماوەنەتەوە و فشاری ئەوەیان لەسەرە کەلەنێوان لایەنگری لە سەرکێشی موقتەداو سیاسەتەکانی ئەمریکادا موبارەکە لەلایەکیان بکەن.

ئەگەر گرفتی سەرەکی خەڵکی عێراق لەسەردەمی سەددامدا ئەوەبووبێت کەلە حیزب و ڕێکخراوگەلێکی جەماوەری بەهێزو پێشکەوتووخواز بەهرەمەند نەبوون، ئەوا ئێستاش بەهەمان شێوە ئەوگرفتە بەهەمووهێزیکی خۆیەوە لەئارادایەو دەنگی خەڵکی مەدەنی و پێشکەوتووخواز لەنێو کایەسیاسیەکاندا گوومە, ئەمڕۆ عێراق کە بە هەلومەرجێکی سیاسی و کۆمەلأیەتی حەساس وچارەنووس سازدا تێدەپەڕێت و لەهەموولایەکەوە کنەی تیادا دەکرێ , لەولاشەوە ڕووداوە دڵ تەزێنەکانی ناوخۆ ئەوە نیشان دەدەن کە تاکو ئێستا ئاینە و ئاسۆیەکی ڕوون بۆ ئەم وولأتە نابینرێتەوە, چونکە بەئاشکرا دیارە کە ئەو گروپ و ڕێکخراوە ناڕازیانەی کە بوونی ڕاستەو خۆو بەهێزیان هەیەو خاوەن پێگەیەکی کۆمەلأیەتین ،ئەوانە زۆربەیان ئەو گروپە ئیسلامیانەن کەهەڵگری بیروباوەڕی مەزهەبین و فووبە بوقی دەسەلأتی تاك ڕەوانەدا دەکەن، هەربۆیە کێشەو ڕووداوەکانی ئەم دواییانەی ناوەڕاست و خواروو ناتوانرێت ناوی بزووتنەوەیەکی حەقخوازانەی جەماوەری لێبنرێت و ئومێدی ئەوەی لێ بکرێت کە ئەلتەرناتیڤێکی باشتر لەوەی مەجلیسی حوکم و ئەمەریکای بۆخەڵك و ئایندەی سیاسی عێراق پێبێت .

موقتەدای سەدر کە وەك شۆڕەسوارێکی دوای ڕووداو شەڕدەردەکەوێت ،دەیەوێت لەنێو ئەو بۆشاییەسیاسی وکۆمەلأیەتیەدا بەکەڵك وەرگرتن لە ناوجێگەی باوکی گەمە بکات و لەپڕ ببێت بەکوڕێ وببێتە سەرکردەی ڕۆحی ئەو بزووتنەوە جەماوەری وناڕازییەی کە لەنێو خەڵدا پرنگ دەخوات ، ئەو دەیەوێت لەو خاڵەوە دەست پێبکات کەسەدام ودەسەلأتەکەی پێشوو بۆیان تەواو نەکراو بەجێیان هێشت ،یان بەشێوەیەکی تر دەیەوێت ئەو کەسایەتیە بێت کەمیدیا عەرەبیەکان بانگەشەی بۆدەکەن و بەفریاد ڕەسی نەتەوەیی وئاینی دەناسێنن, هەربۆیەئەو هەرچەندە سەر بە ڕەوتێکی ئاینیەو لەخێزانێکی کۆنە بەرهەڵستکاری سەددامدا بووە ، بەلأم بەئاشکرا لەگەڵ سەددامدا لەو خاڵەدا یەك دەگرنەوە کە هەردوولایان تاکە ئامانجی سەرەکی وسیاسیان دەسەلأتی تاك ڕەهەندانەیەو ئێستاش موقتەدا بەبێ شکست خواردنی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی لەعێراقدا ئەوەی بۆ ناچێتەسەر، هەربۆیە دەیەوێت لەبری وێنەی سەددام وێنەی خۆی لەگۆڕەپانەکاندا هەڵبواسرێ و بڵێت ئەگەر لەشکری قودس شەڕی ئەمریکای نەکرد وبەزی ئەوا لەشکری مەهدی شەڕی ئەمریکا دەکات ودەبێتە فریاد ڕەس .

ئەمریکاش کە لایەنێکی تری ڕووداوەکانە , بەپێچەوانەی ئەوەی کەخۆی پروپاگەندەی بۆ دەکات لەگەڵ ڕووداوەکاندا مامەڵە دەکات و دەیەوێت هەمووکێشەیەك بەزەبری هێز یەکلاکاتەوە . بەپێی ڕاپۆرتی پرۆژەی ڕۆژهەلأتی ناوەڕاستی گەورە , کە ئەمریکا لەم دواییانەدا لە کۆنگرەی لووتکەی هەشت وولأتەگەورەکەخستویەتیە پێش چاو ، تیایدا ئاماژە بەوە کراوە , کەلەنێوو وولأتانی عەرەبیدا (65) ملیۆن مرۆڤی نەخوێندەوارهەیە کەسێ بەشیان لەئافرەتان پێك هاتوون ، هەروەها ئاماژە بەوەش کراوە کە لەساڵانی داهاتوودا ڕێژەی بێکاری لەو وولأتانەدا دەچێتە سەرەوە و دەگاتە (25) ملیۆن کەس ،ئەمە جگەلەوەی کە بواری ڕۆژنامەگەری تارادەیەکی زۆر خراپەو میدیا عەرەبیەکان لەلایەن حکومەت و دەسەلأتەکانەوە کۆنترۆڵ کراون و گاریگریان بەسەر خەڵکەوە نییە و ئازادی ڕادەربڕین لەکەمترین ئاستیدایە، کە چی لەهەمانکاتدا بەبێ ئەوەی بیر لەچارەسەرکردنی ئەو گرفتانە بکاتەوە دەیەوێت لەڕێگەی بەکاربردنی هێزو کوشتنی خەڵکی مەدەنیەوە حکومەتێکی دیموکراتی لەعێراقدا دروست بکات و بیکاتە نمونەش بۆ ناوچەکە، ئەمریکا بەقەولی خۆی کەئێستا لەگەڵ ملوێنەها مرۆڤی نەخوێندەوارتووندڕەوی ئیسلامی بەرەو ڕووە و ئەمەش بەمەترسی دەزانێت بۆسەر ئەمنی وولأتەکەی خۆی ، ئەوە باجی ئەو سیاسەتە هەڵەیەی جارانی دەداتەوە کەلەسەردەمی جەنگی ساردا لەبەرانبەر بلۆکی ڕۆژهەلأتدا ئاوی دەکرد بەئاشی کۆنەپەرستی وبزووتنەوە ئیسلامیەکاندا.

توندوتیژی ئەو ڕووداوانە لەکاتێکدا کلۆەی سەندووە کەسەرۆکی کاتی مەجلیسی حوکمی عێراق کوردە ، لەلایەکی تریشەوە خەڵکی شیعە خۆیان ئامادە دەکەن بۆ مناسەبەیەکی مەزهەبی گەورەیان ، ئەمە جگەلەوەی کەهەندێك لە ئەندامانی شیعەی ناو مەجلیسەکە لەو خاڵەی ناوەستورەکاتیەکە ڕازی نین کە بەشێوەیەك لەشێوەکان مافێکی بۆ کەمایەتی تیادا دەستنیشان کراوە ، هەروەها لەهەمووئەوانەش حەساس تر کێشەی ناوشاری کەرکوك وچەند شوێنێکی ترەکە بەچارەسەر نەکراوەی ماونەتەوە کە ئاشکرایە هەموو ئەوانە بۆخۆیان کێشەگەلێکن کە دەبێت حیزبە کوردیەکان وخەڵك بە وورياييەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن، چونکە پەرینەوەی گرفتەکان و فراوان بوونەوەی کێشەکان بۆ شەڕی شیعەو کوردو عەرەب و کورد لەو ناوچانەی کەخەڵك پێکەوە دەژین ,جگەلەوەی کە ئاگری شەڕەکە خۆشتر دەکات و خوێناوی تردەبێت لەهەمانکاتیشدا بەهیچ جۆرێك لەقازانجی خەڵکی کوردنیە و بەدڵنیاییەوە زیانەکانی لەهەموو ڕوویەکەوە زۆر لەوە زیاتردەبێت کەلەشەڕی ناخۆی چەندساڵی ڕابردوودا بینیمان .